www.kurdistannet.org
26-5-2003 23:19

# سەفەر بەنێو بەفردا

بەناز کوێستانی

لەگەڵ یەکە یەکەی کلوە بەفرەکاندا
دەبارێمە نێو لەپەکانت
دەبارێمو بەستەڵەکی چاوەکانتو
زوقمی لێوەکانت دەشکێنم
یەکەم ماچی گۆنا بەفراویو
سەرما بەردەڵەکەت دەکەم.
* * *
چوار دڵ لەنێو بەفردا لەدایک بوونو
بەرەو قەدەری لوتکەی سپی هەڵشاخان
تاپەیکێک لەشەختەو
بووکێک لەبەفر بێننەوە
بەر ئاوێنەکانی قەدەرو
لەئاو مارەییان ببرن. .
لەبەفر ماڵیان بۆ بکەنو
بەبەفراو بیان شۆنەوە
گوناحەکانیان بەکانیاو بسپێرن
تاتامی یەکەم لەزەتی نێو بارانو لەگەڵ لوتکەو دۆندو
کلوەبەفرەکاندا نۆش بکەن. . ؟؟
سەما لەگەڵ عاجبایەتیەکانی
ولآتی شاخو بەفردا بکەن.
سەمای سەر گۆڕو کێلی مردووەکان
تێکەڵ بەتەمو تومانی لوتکەکان
بەیەک شاد کەن.
* * *
تۆ مرۆڤێکی سەرسەختی
دڵۆپێکی لەئاو
بوویتە شێی دەم جۆگە ئاوەکانو
تێکەڵ بەفکری ئاڵۆزی من بووی
هاورێم. .
تۆ ئێستا تەریت
وەک تەڕی دلۆپێک لەئاو کلویەک لەبەفر
بەرزیت وەک سوورە چنارەکانی بەر دەرگای خوا
رێگات ئاڵۆزو پڕ لەهەڵدێرە
دڵت پڕ لەئاسەواری وێرانەوە
پڕ لەکێلی ناشتنی حەزە نەزۆکەکانتە
ئەو حەزانەی شەوانە ئێشکت دەگرت بەدیاریانەوە

www.kurdistannet.org
26-5-2003 23:19

ڕۆژانە بۆی دەگریای

شەوانە دووبارە

لەئامێزت دەگرتنەوە. . ؟؟

*          *          *

سەرم شەختەی بەفرەو

کەزیەم ڕێژنەیەک لەباران

دڵم دەریایەک لەئەوین

چاوم ئاوێنەیەک لەدەریا

ڕۆحم وەکی مانگ بێ گەرد

لەدووی ڕۆحێکی بێ گەرد دەگەڕێ

لەدووی چاوێکی ڕووناک دەگەڕێ

لەدووی ئامێزێکی پڕ لەعەشق و عاتیفە دەگەڕێ

تاسەر خەویک لەئامێزیا بشکێنم. . ؟؟

*          *          *

گەردەلوول جەستەمی

گرمۆڵە کردووە. . پارچە پارچە کردووە

هەر پارچەو بەرەو دۆندێک

نا بەرەو کیشوەرێک هەڵداوە

هەر کیشوەرێکیش جۆرێکە لەسروشت

کیشوەرێک لەرق

کیشوەرێکی دی لە چاوی بەدو زمانی ناحاڵی

کیشوەرێکیش لێواو لێوە لەخۆشەویستی تۆ

بۆ کلوەبەفرەکان

بۆ تنۆکی باران

بۆ بنچکە گیا تەڕەکان

*          *          *

بەداخەوە دڵم بەر کیشوەری ڕق نەکەوت

بەداخەوە چاوم بەر کیشوەری ڕق نەکەوت

سەرم، هەستەکانم، لێوەکانم، ئەوینم

هیچیان بەر کیشوەری ڕق نەکەوتن

بەداخەوە

دڵم و پارچەکانی جەستەم

هەموویان لەکیشوەری خۆشەویستی تۆدا یەکیان گرتەوە. . !!

هەموویان لەچاوەکانی تۆدا کۆبوونەوە

لەچپەکانی تۆدا خۆیان دۆزیەوە

لەچاوەکانی تۆیا وێنەی خۆیان دی. . ؟؟

٢٠٠١/٣/٢

سلێمانی